گەنجێک لەسنووری گەرمیان لەکاتی مەلەکردندا لە رووباری سیروان خنکا

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، گەنجێک لە سنووری ئیدارەی گەرمیان لەکاتی مەلەکردنیدا لە رووباری سیروان خنکاوە.

گوتەبێژی بەرگریی شارستانیی گەرمیان ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە بە هەای گشتیی ڕایگەیاندووە، کە گەنجێک لەگەڵ هاوڕێیەکی لە رووباری سیروان خەریکی مەلەکردن بوون و خنکاوە، تاوەکو ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، گەنجەکە ناوی "ئەحمەد حسێن فەتحوڵا"یە، دانیشتوی ناحیەی رزگارییە لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان، تا ئێستاش تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە.